ئەدەب و کولتوور
رووداو

# پارە ئەحمەد سالاری راگرتووە



■ ئا: سیروان عەباس

شانۆکاری ناوداری کورد ئەحمەد سالار، بەهۆی بێپارەییەوە کارکردنی لە دوو پرۆژەی شانۆییدا راگرتووە کە یەکێکیان باس لە ژیانی شێخ مەحموودی حەفید دەکات.

ئەحمەد سالار، بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی راگەیاند "شانۆیی شێخ مەحموود، مێژووییە و باس لە ژیانی سیاسی و شۆڕشگێریی شێخ مەحموود دەکات، شانۆکە بەشێوەی ئاهەنگسازی و بەیتئامێز نووسراوەتەوە. شانۆیی دووەمیش بە ناوی (گەمەکەی جاران)ە کە باس لە یارییەک دەکات زیاتر لە جزیرەی بۆتان و ناوچەی شارباژێر باوبووە و پێشتریش لەنێو بابلییەکاندا ئەو یارییە کراوە، یارییەکە بەجۆرێکە کە لە سەیراندا یەکێکیان کردووە بە پاشا و چەند وەزیرێکیان داناوە و ماوەی سێ رۆژ پاشا حوکمی کردووە، تەنانەت خەڵکی سزاداوە، ئەم یارییە کۆمەڵێک توخمی درامای تێدایە من هەوڵمداوە پیشانیبدەم کە ئەگەر کەسانێک نیازی ئەوەیان هەبێ جارێکی دیکە کوردستان دابەشبکەنەوە چ تاوانێکی گەورە و مێژووییە".

ئەحمەد سالار ئاماژە بەوە دەکات "تەنیا شانۆیی شێخ مەحموود پێویستی بە 80 ئەکتەر و کاری میوزیکە، هەروەها سێ مانگ پرۆڤەشی دەوێ، ئەمەش لە توانای کەسی مندا نییە و ناتوانم ئەو خەرجییە بکەم".

ئەکتەر، شاعیر و نووسەر ئەحمەد سالار، لە ساڵی 1947 لە شاری سلێمانی لەدایکبووە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواوکردووە. پاشان کۆلێژی هونەرە جوانەکانی لە شاری بەغدا تەواوکردووە. لە بواری هونەریدا خزمەتێکی بەرچاوی کردووە لەوانە دامەزراندنی هەردوو تیپی هونەری پێشڕەو و سالار. لە ساڵی 1977 لە فێستیڤاڵی هونەری عێراق خەڵاتی باشترین دەرهێنەری وەرگرتووە.

# "گەردانە"وکەی وەرزێر چاپدەکرێ



■ ئا: سیروان عەباس

وەرزێر حەمەسەلیم، دووەم دیوانە شیعری خۆی بەناوی (گەردانە) چاپ و بڵاودەکاتەوە.

وەرزێر حەمەسەلیم بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی راگەیاند: "دیوانی گەردانە، کۆکراوەی بەرهەمە شیعرییەکانی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردووە تاوەکو ئێستا، کە هەر شیعرێکی بۆ من وەکو دەنکێکی ئەو گەردانە بە نرخانە وایە کە لە خشڵی گرانبەها دروستکراون".

وەرزێر حەمەسەلیم گوتی: "دیوانی گەردانە دووەمین دیوانە شیعری منە و لە 620 لاپەڕە پێکهاتووە و سیدییەکی دەنگی 24 تراکیشی لەگەڵە کە شیعرە لیریکەکانی نێو دیوانەکەی بە دەنگ تێدایە و چوار تراکی گۆرانیشی لەگەڵدایە، هەروەها 5 تراکی شیعرەکان بە دوێت لەگەڵ خاتوو غەمگین کۆساری ریکۆردمان کردووە و بەرزان ئەیوب میکس و مۆنتاژی بۆ کردووە". شیعرەکانی نێو گەردانە هەمەجۆرن: رۆمانسی، دڵداری، دابڕان، شیوەن.

وەرزێر حەمەسەلیم، ساڵی 1962 لە هەڵەبجە لەدایکبووە، یەکەم دیوانی شیعری لە ساڵی 1999 بە ناوی گەڵاکانی تەمەن بڵاوبووەتەوە، 5 کتێبی لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

# عومەر زەبرو زەنگی دین بەدرۆ دەخاتەوە



■ ئا: سیروان عەباس

عومەر تۆفیق خەتات، کتێبی (سەروەریی گەڵ پێش جێبەجێکردنی شەریعەت) وەردەگێڕێتە سەر زمانی کوردی و چاپ و بڵاویدەکاتەوە.

تۆفیق کەریم، بەرپرسی ناوەندی رۆشنبیری خاڵ بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی راگەیاند: "کتێبی (سەروەری گەل پێش جێبەجێکردنی شەریعەت) کتێبێکی فیکرییە و خوێندنەوەیەکی نوێیە بۆ جێبەجێکردنی شەریعەت و دین، ئەوە روونەکاتەوە کە خودی دین بەو جۆرە نییە کە زۆربەی خەڵک لێی تێگەشتوون و هەندێ زەبر و زەنگ هەن لە دیندا نین و سەپێنراون".

کتێبەکە لە 500 لاپەڕە پێکهاتووە، شێوازەکانی دینداری و مامەڵەی دەسەڵاتداری موسوڵمان روونەکاتەوە و لەلایەن ناوەندی رۆشنبیری خاڵ چاپ و بڵاودەکرێتەوە.

ناوەندی رۆشنبیری خاڵ زیاتر لە دوو ساڵە دامەزراوە و گۆڤارێکی وەرزی بەنێوی خاڵ چاپ و بڵاودەکاتەوە، تاوەکو ئێستاش 24 زنجیرەی کتێبی فیکری، ئیسلامی و ئەدەبی چاپ و بڵاوکردووەتەوە.

# لە نووبەهاری باکوور باسی قانع و خەزنەدارە



■ ئا: ئەدەب و کولتوور

ژمارەیەکی نوێی گۆڤاری نووبەهار کەوتە کتێبفرۆشییەکانی باکووری کوردستان، کە دوو لە بابەتەکانی تایبەتن بە نووسەری کورد مارف خەزنەدار و شاعیری کورد قانع.

ژمارە 141ی گۆڤاری نووبەهار، کە گۆڤارێکی ئەکادیمییە لە باکووری کوردستان، بڵاوکرایەوە. لەو ژمارەیەدا زۆر لێکۆڵینەوە و گوتاری بەپێزی نووسەرانی باکووری کوردستان بەرچاو دەکەون.

نووسەر مستەفا دەهقان، وەرگێڕانێکی مەم و زین، هەروەها ڤێرژنێکی مەموزین بە خەتی سریانیی کردووەتە مزاری نووسینەکەی. ئەو وەرگێڕانە لە ساڵی 1885 کراوە، بۆ یەکەمجار دەبێتە مزاری گۆڤارێکی ئەکادیمی. (دە بازێری ئاگری، لە بەڵگەکانی دەوڵەتدا) ناونیشانی گوتارێکی نیهاد ئۆنەرە، کە باسی شاری ئاگری و دەوروبەری دەکات. گوتارێکی دیکە بەناوی (کورتە مێژووی گۆرانیی کورد)، کە لەلایەن مەسعود سەرفرازەوە نووسراوە و لە نووبەهاردا بڵاوکراوەتەوە. هەروەها زیا ئاقجی، گوتارێکی لەبارەی نووسەری کۆچکردووی باشووری کوردستان، مارف خەزنەدار لە سۆرانییەوە کردووەتە کرمانجی. خەیروڵلا ئاجار دوو لێکۆڵینەوەی لەبارەی حافزی شیرازی و مەولانا جەلالەدینی رۆمی لە نووبەهاردا بڵاوکردووەتەوە. هەروەها محەممەد یڵدرم چاکار، گوتارێکی لەبارەی قانعی شاعیر لە سۆرانییەوە کردووەتە کرمانجی. هەر لە نووبەهاردا چەندین لێکۆڵینەوە و چیرۆک و بابەتی فۆلکۆری و بایۆگرافیا و هەڤپەیڤین و شیعر بڵاوکراونەتەوە.

گۆڤاری نووبەهار، گۆڤارێکی وەرزییە و ساڵانە دوو ژمارەی لە وەرزی بەهار و پایزدا بە هەموو زاراوە کوردییەکان و زمانی ئینگلیزی، دەردەچێ.

# ڕۆژنامە وەک پێشمەرجی چیرۆکی کوردی

حەمە مەنتک





هەقایەتی کۆن، یان چیرۆکی میللی بە شێوەیەک لە شێوەکان گوزارشتە لە ژیانی میللەتانی کۆن، بەتایبەت لە دەربڕینی شێوازی بیرکردنەوە، کولتوور، دابونەریت، شێوازی ژیان و پێوەندیی نێوان تاکەکان. هیچ نەتەوەیەک نییە چیرۆکێکی نەبێت. دەمەوێ بڵێم هەموو نەتەوەیەک، میللەتێک، لەڕێی چیرۆکەوە گوزارشتی لە بەشێکی زۆری کولتوور و پێکهاتە و ئەنترۆپۆلۆجیای خۆی کردووە. تەنانەت بەشێکی کتێبە ئاسمانییەکان لەڕێی چیرۆکەوە شتەکانمان بۆ دەگوازنەوە. کەواتە هەموو میللەتانی کۆن لەڕێی چیرۆکەوە، یان جۆرێک لە جۆرەکانی چیرۆک خۆیان بۆ داهاتوو گواستووەتەوە. ئەگەر چیرۆک و گێڕانەوەی کۆن نەبووایە ئەوا هیچ مەعریفە و زانیاریەکمان لەبارەی ژیان و مرۆڤی کۆن نەدەبوو. ئەوەی لە سەرەوە گوتمان لەبارەی گێڕانەوەی کۆن بوو، بۆ نموونە هەقایەتی فۆلکلۆری و میللی، ئەفسانە، داستان... تاد.

چیرۆک وەکوو ژانرێکی نوێی ئەدەبی، چ لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا و چ لە ئەدەبیاتی کوردیدا، فۆرمێکی نوێی هزرینی مرۆڤە. ئاشکرایە ئەم ژانرە وەکوو ژانرێکی مۆدێرن زادەی ئەوروپایە. کەواتە چیرۆک ئەدەبێکی پەخشانییە، لەڕێی گێڕانەوەی کۆمەڵێ ڕووداوەوە، یان بەریەککەوتنی ڕووداوەکانەوە کە سەرچاوەکەیان واقیع و خەیاڵە، کارەکتەرێک، یان هێندێ کارەکتەر کە وەگێڕ ئاراستەیان دەکات، مەبەستێک بە ئێمە دەگەیەنن. زۆر جار کارەکتەر خۆی دەبێتە وەگێڕی ڕووداوەکان. چیرۆک کۆمەڵێ توخمی سەرەکیی تێدایە وەکوو: ڕووداو، کارەکتەر، کات و شوێن، بیرۆکە، وەگێڕ، زمان و شێوازی گێڕانەوە.

من لێرەدا نامەوێ هەریەک لەم توخمانەی چیرۆک بەرباس بدەم، هێندەی مەبەستمە کاریگەری چیرۆکی کوردی بەتایبەت لەڕووە مێژووییەکەیەوە باس بکەم. ئەو پرسیارەی دەمێکە توێژەران و چیرۆکنووسانی کردووە بە دوو بەشەوە، ئایا چیرۆکی کوردی ڕیشەکەی بۆ ئەدەب و کەلەپووری کۆنی کوردی دەگەڕێتەوە، یان بە کاریگەریی ئەدەبیاتی دیکە و لە ئەدەبیاتی نەتەوەی دیکە وەرمانگرتووە؟

لە ئەدەبی کوردیدا کەم نین ئەوانەی چیرۆکی کوردی (چیرۆک وەکوو ژانرێکی نوێ) بۆ کەلەپوور و هەقایەت و هێندێ دەستنووسی بە پەخشان نووسراو دەگەڕێننەوە. بێ ئاگا لەوەی چیرۆک وەکوو ژانرێکی نوێی ئەدەبی تەنێ بە توخمەکان دروست نابێت، کۆمەڵێ ڕەگەز و تەکنیک هەن، دەبێ هەبن بۆ ئەوەی ئەو دەقە ببێتە چیرۆک. من لەوان دەگەم، جا چ لە هەستێکی ناسیونالیستی، یان هەر هۆکارێکی دیکە بێت. هەرچەندە زۆربەیان ئەو نووسینانە بە پەخشان هەژمار دەکەن، بەڵام بە ناڕاستەوخۆ دەیانەوێ بڵێن، مادام پەخشان هەیە، کەواتە چیرۆکیشمان هەیە. بەڵام ئەمانە بەڵگەی سەلمێندراو نین. تەنانەت ئەو نووسینە پەخشانیانەی وەکوو: مەولوودنامەکەی شێخ حسەینی قازی و عەقیدەنامەی کوردیی مەولانا خالیدی نەقشبەندی دواتر (عەبدولڕەزاق بیمار) لە توێژینەوەیەکدا بەناوی (مێژووی پەخشانی کوردی) لە ساڵی (1999) بڵاوی کردەوە، ئەوەی سەلماند کە مەولوودنامەکە و عەقیدەکەی مەولانا خالید نووسین نین، بەڵکوو وەرگێڕان و لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕدراون. (فەرهاد پیربال)یش یەکەمین چیرۆکی کوردی بە دەقی (مەم و زین)ی (مەلا مەحموودی بایەزیدی) دیاری دەکات. ئەوەش ناشارێتەوە، ئەو بەها و ناوەڕۆک و ئێستاتیکایەی دەقەکە هەیەتی وا دەکات نەبێتە دەقێکی فۆلکلۆری، بەڵکوو ببێتە چیرۆک. بەهانەی ئەوەیش دەهێنێتەوە کە تەکنیک و شێوازی گێڕانەوە لەو سەردەم بەو شێوەیە کۆن و فۆلکلۆری بووە، بۆیەش شێوازی ئەم دەقەیش وەها بووە. ئەمە خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی نابێتە چیرۆک.

ئەوەی من دەمەوێ بیڵێم، چیرۆک بە واتا مۆدێرنەکەی، وەکوو ژانرێکی نوێ بە هیچ شێوەیەک لەناو ئەدەبیاتی کۆنی کوردیدا نییە، تاکوو ساڵی (1913) کە (فواد تەمۆ) لە ژمارە (2 و 3)ی گۆڤاری (ڕۆژی کورد) لە ئیستەنبوڵ نووسینێک بڵاودەکاتەوە، لەسەر نووسینەکە دەنووسێت (چیرۆک). کەواتە تاکوو ئێستا یەکەم کەسێک زاراوەی چیرۆکی لە ئەدەبی کوردیدا بەکارهێنابێت (فواد تەمۆ) بووە. بەڵگەم بۆ ئەوەی ئەو نووسینانەی کۆن کە بە چیرۆک دانراون پێش (فواد تەمۆ) چیرۆک نین! ئەگەر ئەو نووسینانە بەراورد بە چیرۆکی کوردی (بە واتا مۆدێرنەکەی) بکەی، دەبینیت، چیرۆکی کوردی درێژکراوەی ئەو نووسینانە نییە، یان فۆرمێکی سادەی ئەو نووسینانەی نییە. بەڵکوو چیرۆک ژانرێکی ئەوروپییە و چ بە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ هاتووەتە ناو ئەدەبی کوردی. دەبینین لەگەڵ پەیدابوونی ڕۆژنامە و گۆڤار لە بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردیدا لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم، وەکوو دیاردەی گەیشتنی سەرەتاکانی مۆدێرنیتە، ژانری دیکەی وەکوو چیرۆک و چیرۆکی درێژ پەیدا دەبن. کەواتە تاکوو کورد نەبووە خاوەنی ڕۆژنامە و گۆڤار، ژانری نوێ لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا پەیدا نابێت. تەنانەت زاراوەی (چیرۆک)، کورد لە شارێکی وەکوو ئیستەنبوڵ بەکاری دەهێنێت و دەیخاتە ناو ئەدەبیاتی کوردییەوە. پێش ئەو وەختە، چونکە کورد خاوەنی ڕۆژنامە و گۆڤار نەبووە، هەر حەکایەت و قصەی عەرەبی بەکاردەهێنا، کە مەبەست لە هەردووکیان گێڕانەوەی هەقایەتی فۆلکلۆری بووە. بۆیەیش دەبینین دوای ئەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار لە ناوەوەی کوردستان (بەتایبەتی باشوور) بڵاودەبێتەوە، ئەم ژانرە نوێیە بە تەواوی دێتە پێشەوە. هەردوو گۆڤاری (هاوار) و (گەلاوێژ) چەندین دەقی چیرۆک بڵاودەکەنەوە کە سیما و خەسڵەتی چیرۆکیان وەکوو ژانرێکی نوێی ئەدەبی پێوە دیارە، بەڵام هێشتا لە فەزا و شێوازی گێڕانەوەی کۆن ڕزگاریان نەبووە. (گۆران)ی شاعیر دوای ئەوەی لە کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم هێندێک چیرۆکی لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ کوردی وەرگێڕا، بۆ یەکەم جار زاراوەی (کورتە چیرۆک)ی هێنایە ناو ئەدەبی کوردی، ئەم چیرۆکانە کاریگەری گەورەیان لەڕووی شێواز و تەکنیکی چیرۆکی کوردییەوە هەبوو. دەبینین چەندی بواری ڕۆژنامەگەری لە کوردستان بەهێزتر دەبوو، هێندە زیادتر چیرۆکی کوردی پێشدەکەوت. بە بڕوای من ڕۆژنامەگەری و چیرۆک لەناو ئەدەبی کوردیدا دوو شتی لە یەک دانەبڕاون، ئەگەر بمانەوێ بوونی چیرۆک بسەلمێنین، دەبێ پێشمەرجی ڕۆژنامەمان بۆ چیرۆکی کوردی هەبێت. ڕۆژنامە و گۆڤار دەبنە هۆکارێک بۆ لە دایکبوونی چیرۆک، چیرۆک وەکوو ژانرێکی مۆدێرن بەبێ ڕۆژنامە و گۆڤار ناتوانێت گەشە بکات (هەڵبەت دنیای ئینتەرنێتی ئێستاش بەشێکە لە ڕۆژنامەگەری)، چونکە ئەم ژانرە لە سەرەتاوە پێویستی بە دەرچەیەکە بۆ ئەوەی خۆی بڵاوبکاتەوە. لەوێوە میللەتان دەتوانن سوود لە یەکدی وەرگرن. چیرۆکی کوردیش بەو هۆیەوە توانی ببێتە بوون و گەشە بە بوونی خۆی بدات. کاتێک یەکەم چیرۆکی کوردی لە شارێکی وەکوو ئیستەنبوڵ لە دایک دەبێت، ئەو شارە، شارێکی مۆدێرنە، پاریسی ڕۆژهەڵاتە، ناوەندی پێشکەوتنی ڕۆژهەڵاتە، ئەو شارە وەکوو برسییەک پێشکەوتنی ئەوروپا دەخوات، لەوێوەیش نووسەران و منەوەرانی کورد، عەرەب، فارس...تاد بەشێک لەو خۆراکی پێشکەوتنەیان بەردەکەوێت. کەواتە لەو سەردەم هەر شوێنێک مۆدێرنیتەی قبوول بووبێت، ئەوا شتی نوێ هاتووەتە ناویەوە. لێرەوەیە دەتوانین وەرامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، بۆ لەو کات لە یەکێک لە شارەکانی کوردستان چیرۆک نەنووسراوە؟ دەتوانم بڵێم، چونکە مۆدێرنیتە هێشتا پریشکی لە شارەکانی کوردستانی نەدابوو، بەڵام کاتێک (مێجەرسۆن) و پاشان (پیرەمێرد) پریشکێکی مۆدێرنە، کە ڕۆژنامەیە دەهێننە سلێمانی، ئەوا ژانری چیرۆک، یان گێڕانەوە بە فۆرمە نوێیەکەی لەدایک دەبێت. (جەمیل سائیب) چیرۆکی (لە خەوما) دەنووسێت (هەرچەندە مشومڕی زۆری لەسەرە ئایا چیرۆکە، ڕۆمانە. یان نۆڤلێتە)، (پیرەمێرد) چیرۆکەکانی خۆی لە ڕۆژنامەکەیدا بڵاودەکاتەوە. لێرەوەیە چیرۆک سەرپێ دەکەوێت. دیسان دەیڵێمەوە چەندی بواری ڕۆژنامەگەری لەناو کورددا پێشکەوت، چیرۆکیش پێشکەوت. بۆ نموونە لە ساڵانی پەنجا و شەستی سەدەی بیستەم، چونکە بواری ڕۆژنامەگەری لاواز بوو، چیرۆکی کوردیش لەو کاتدا لاواز بوو. کاتێک لە ساڵانی 1970–1974 بواری ڕۆژنامەگەری بەهۆی یانزەی ئادارەوە پێشکەوت و دەیان ڕۆژنامە دەردەچوون، چیرۆکی کوردی بە شێوەیەک دەگەشێتەوە کە بە سەردەمی زێڕینی دادەنرێت.

# هەلێك بۆ هەبوونی وشە

## زنجیرە وتارێك لەبارەی "مینیماڵیزم"

فریا یونسی





نابێ هیچ ڕووبدات؟ نا. نابێ "هیچ ڕووبدات". سەفەری مینیماڵیزم کورتە و زیاتر موکاشەفەی ئینسانی ئیمڕۆیە لە هەلێکدا کە ڕەنگە جاری وایە یەک وشە بۆی بڕەخسێنێ. ئیمڕۆ ئیتر تەنها نووسەرەکان فریای خوێندنەوەی ڕۆمانێک دەکەون تا بتوانن فێری نووسین بن و لە کۆڕەکاندا کە باس هات، فلان ڕۆمانیان خوێندبێتەوە و جاری واشە بۆ ئەوەیە بتوانن بە خوێندنەوەی ڕۆمانەکان، مینیماڵێک یان زیاتر دەربکێشن. ئینسانی ئیمڕۆ ئەوەندە ئەم ژیانەی بۆ ئاسایی بووەتەوە کە ئیتر ناتوانێت گوێی لە دەنگی ترپەکانی گوڵێک بێت لە کاتی پشکووتندا، یان ئاگای لە ترووکانی هێلکەی نادیاری ماسییەکانی ئوقیانووسێک بێت کە نیوەی داهاتی مانگێکی داوە و ئەوەتا لە کەناریدا خەریکی ڕابواردنە. ئینسانی ئیمڕۆ تەنهایە، بەڵام کەشف ناکات کە چۆنە بڕواتەوە بۆ مانگ و مانگ چیتر مەعشووقەی نەبێت، هەر مانگ بێت، هەسارەیەکی ڕووناک و نزیک لە ژیانی زەمینیی ئەم. ئیمڕۆ، ئینسان توانیویەتی جیهانی ژێر ئەتۆمی کەشف بکات، بەڵام ئاگای لە بەسەرهاتی هاوسێکەی نییە، چونکە ئاوا زیاتر تەنهایی خۆی دەرک کردووە. ناسینی جیهانی هۆلۆگرافیک توانی یارمەتی ئەوە بدات بە مرۆڤ کە ئاگای لە هەموو شەپۆلەکانی دەوروبەری خۆی بێت و لەناو دڵی ئەو شەپۆلانەوە، داستانەکانی خۆی دەربکێشێت. ئەمە بوو بەرژەوەندی نوێی مینیماڵیزم.

بەڵام ئەم ژانرە نوێیەی هونەر کە بەبڕوای من تەنها لە ئەدەبیاتدا خولاسە نابێتەوە و زۆر بەرفراوانترە لە هەموو هونەر و دەچێتە بازنەیەکی گەورەی وەک پێوەندیی مرۆڤ و کائینات، لە کوێوە دەستپێدەکات؟ ئاخۆ ئەوەی وا مێژوونووسەکان باسیان کردووە، کە فۆرمالیستەکانی ئەدەبیاتی ڕووسی لە کۆتایی دەیەی 1920 دا بوونە هۆی سەرهەڵدانی ئەم شۆڕشە نوێیەی ئەدەب، ڕاستە؟ ئەگەر بە پێوەری ئەوە بمانەوێت ئەم پرسیارە هەڵسەنگێنین و دواجاریش جوابی بدەینەوە کە مینیماڵیزم تەنها و تەنها لە جیهانی ئەدەبیاتدا مارشی شۆڕشی خۆی ژەنیوە و ئیتر ئەم چەشنە ڕوانینە ناچێتەوە قۆناغەکانی دیکەی هونەر و هزری مرۆڤ، ئەوە ڕاستە و فۆرمالیستەکانی سەرەتای سەدەی بیست، هەمیشە دەتوانن شانازی بەوە بکەن کە فۆرمخوازیی ئەوان لە پانتایی ئەدەبیاتدا بووەتە هۆی ئەوەی لە نیوەی سەدەی بیستدا، ساکارنووسی و ساکارخوازیی مرۆڤ بووە کە داوای سەرهەڵدانی مینیماڵیزمی کردووە و هێشتاش هەموو ئەوانەی هەر لەسەر ئەم ژانرە بەو دیدەوە شیی دەکەنەوە، ئەو وتارە بەنرخەی ئیدگار ئاڵێن پۆیان لەبەردەستە کە لەڕاستیدا یەکەم وتاری تیۆریکی کورتیلە چیرۆک یان بە بڕوای ئەوان مینیماڵیزمە. ئاڵێن پۆ لەو وتارەدا سێ بنەمای زۆر زۆر سەرەکی و بنەڕەتی بۆ ئەم ژانرە دابین دەکات کە یەکیان یەکگرتوویی تەئسیر یان کاریگەرێتییە و بۆ ئەوەی نووسەری ئەم جۆرە دەقانە بەو یەکگرتووییە بگات، دەبێ لە سایەی سەری ئیجازەوە ئەو ڕێگەیە ببڕێت و ئەو ئەسڵە بەدەست بهێنێ. ئەوسا بەربەستی شوێنیش بە بنەمایەک دەزانێت لە پێناوی ئیجاز و ئەو یەکگرتوویییەدا و سوورە لەسەر ئەوە کە مووبەمووی گێڕانەوە دەبێ لە ژێر چاوەدێریی هەموو داستانەکەدا بێت. ئەم سێ بنەمایە بوونە هۆی دەستپێکی شۆڕشێک کە ئیمڕۆ بەناوی مینیماڵیزم لە جیهانی ئەدەبیاتدا ناسراوە. لە پێکهاتنی ئەم شۆڕشەشدا ناتوانین کاریگەرێتی نووسەرانێکی وەک کافکا، برێشت و بێکێت و زۆرێکی دیکەش نادیدە بگرین.

بەڵام هەموو هەوڵی من بەم وتارە ئەوەیە کە بێ ئەوەی زوڵم لە هیچیەک لە لایەنەکانی سوننەت و مۆدێرنیتە و تەنانەت پۆستمۆدێرنیتەش بکرێت، سەرەتای ڕاستەقینەی ئەم شۆڕشە ڕوون بکەمەوە. ئەوەی کە ڕوکایزێری شاعیر دەڵێت: "جیهان نەک لە ئەتۆم، بەڵکوو لە داستان ساز بووە" خەریکە ئیشارەت بە چی دەکات؟ بە بڕوای من ئەم قسە شێتانەی ئەم شاعیرە کە زۆرجار بیری سەرەتاییترین قسەی کتێبی پیرۆزی ئینجیلم دەخاتەوە، لەوێدا کە دەڵێت: "سەرەتا هەر وشە بوو، وشەش خوا بوو"... دەتوانێ زۆر لایەنی دیکەی هزری ئینسانیمان لێ بکاتەوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە کەشفی شۆڕشە مینیماڵیستیەکانی مەعنا بکەین لەم جیهانە ساردەی ئێستای مرۆڤدا. ئەوەی کە هایکۆنووسێکی ژاپۆنی، یان عارفێکی ڕۆژهەڵاتی تەنها بە یەک ڕستە تۆوی هەزاران کتێب دەخاتەوە و مرۆڤ دەباتەوە بۆ سەرەتاکان و پرسیارە بنەڕەتیەکەی خۆی کە "من کێم؟"، "لە کوێوە هاتووم؟"، "بەرەو کوێ دەچم؟"؛ هەر هەموویان ڕەگەزەکانی مینیماڵیزمیان لە خۆیاندا هەڵگرتووە و دەتوانن بمانبەن بەرەو ئەو دواهەمین پرسیارە کە "مینیماڵیزم چییە؟".

ئێستا ئیتر ئینسان تەنهایە و زۆر درەنگ بە جوابەکانی دەگات. ئاخر ئەم دیاردە نوورانییەی ئاسمانەکان و زەوی، تووشی بەڵا بووە: بەڵای زایین. بەیانیانی ئەم ئینسانەی ئێستا، وەها حەرام بووە کە هەتا حەبەکەی نەنێتە نێو دەمی و ئاوەکەی بەسەردا نەخواتەوە، ناتوانێت لە نێو پێخەفەکەی بێتە دەر و بگەڕێتەوە بەرەو باوەشی تێکسووتاوی سروشت. لێرەدایە، بەم بەڵا قورس و ژانهێنەی ئادەمیزادەوەیە کە ئیتر ڕۆمانێک، فیلمێکی درێژ، سۆناتایەکی باخ یان تابلۆیەکی هەر چەند شاکاری ڤان گۆگ و هتد... ناتوانن فریای بکەون کە پڕە لە پرسیار، پڕە لە ترس و هەراسان بیر لە چارەنووسی نەگبەتی خۆی لە کۆتایی زەمینی بێ ئاو و تۆشەمەنی دەکاتەوە. ئێستا بەم بارودۆخەی هەنووکەی مرۆڤەوە، تەنها مینیماڵیزمنووسانێکی وەک ستیڤان لاکێر دەتوانن بێنە مەیدانەوە و لە بری نووسینی هەزاران لاپەڕەی ڕەنجەکانی ئینسان لە پێناوی کەشفی خۆی و ناسینەوەی هێزی سەربەمۆری جیهان، لە بری نووسینی ڕۆمانی سیزیف ناوێک بە چەندین قەڵەم و لە چەندین ڕوانگەی جیاوازەوە، بە مینیماڵێک، یارمەتی مرۆڤ بدەن کە بچێتەوە نێوەندی ئەم میکانیزمە دواهەمینە و بۆ ناسینەوەی هەموو هەبوونی خۆی لە سەرەتای پێش سەرەتاکانەوە، بکەوێتە نێو بەزمی بێمزەڕەتی مینیماڵ. بە مینیماڵێک سیزیفی دنیای مۆدێرن دەخولقێنێتەوە کە ئێستاش بەردەکەی – ئەگەرچی بە قەد حەبێکی ئیستامینیفۆن کۆدۆئینیش بێ- هەر پێ ماوە و هەموو ڕۆژێک دەبێ ئەو سیکلە لە جیهانی مۆدێرندا و بە ئامرازە مۆدێرنەکانەوە، بەڕێوە بباتەوە.

# گێڕانەوە لەنێوان چیرۆک و مێژوودا

## نیگایەکی لەبارەی ئاوێزانبوونی ئەدەب و مێژوو

### فەلسەفەی مێژوو(١)

فەلسەفەی مێژوو بیرکردنەوە لەبارەی مێژووە؛ بەتایبەتی ئەم پرسانەی کە ئایا مێژوو بەرهەمهاتووی ئیرادەیەکی وشیار و ئاوەزمەندە یان مشتێک رووداوی بەهەڵکەوتی بێ مانا و ناوەرۆک و زنجیرەیەک لە هۆکار و هۆکرد کە ئیرادە و ویستێک لە پشتییەوە نییە و غایەت و ئامانجێکیان نییە؟ (٢)

بۆ دۆزینەوە یان گەڕان بەدوای وەڵامی ئاوەها پرسیارانێکدا، مرۆڤ ناچارە لە خودی مێژوو کەڵک وەربگرێت یان وەکوو یاسپێرس دەڵێت: دەشێت مرۆڤ مێژوو وەکوو یەکەیەکی تەواو و کامڵ بێنێتە پێش چاو و تێبگات، بەڵکوو بتوانێت خۆی تێدا بدۆزێتەوە و لە خۆیشی بگات. لەم رووەوە مێژوو بۆ ئەو بیرەوەرییەکە کە نەتەنها لە یادەوەریدایە و دەیناسێت، بەڵکوو سەرچاوەی ژیانیشیەتی و ژیانی بەو کۆڵەکەیەوە بەندە، ئەگەر دەیەوێت لە مێژوودا ون نەبێت و لە مرۆڤبوونی خۆی بەهرەمەند بێت، دەبێت پێوەندی و گرێدراوێتی خۆی لەگەڵ مێژوو (زەمان) بپارێزێت. ڕەنگە هەر بەم هۆیەوەیە کەوا لە گێڕانەوەیەکی دیرۆکی و ئوستوورەناسانەدا دەگێڕنەوە "کرۆنۆس"؛ خودای زەمان، ئەو بوونەوەرەی بەنێو تونێل و چاڵە زەمانییەکاندا سەفەری دەکرد و بۆ ئەم کارەشی هەندێ جار ناچار بوو هەموو خوێن و جەستە- (رۆح)ی مرۆڤێک بە تایبەتی مرۆڤێکی مێینە هەڵلووشێت، تاکوو وزە و ئینرژی سەفەری پێبێت، دواتر لێی دەپرسنەوە بۆ وەها دەکەی؟ دەڵێت: ئەگەر وا نەکەم لەنێو بۆشایی "زەمان" دا ون دەبم (٣). ئەم گێڕانەوە سەمبوولی و ئوستوورەییە لە یەکێک لە خوداکانی زەمان ئەوەمان پێدەگەیەنێت ئەگەر نەتوانین لەمێژوو و خوێن و رۆحمان تێبگەین، دەکەوینە ناو بۆشایی و نامێژوو و فەزایەکی دەرە مێژووییەوە.

ئەم هەوڵەی ئێمە بۆ وشیاری و بەمەبەستی "وننەبوون لەناو بۆشایی مێژوو" دا بەو هۆیەیە کە "بەشێکی زۆر لە مێژوو لەبیرکراوە" و لە رێگەی تۆژینەوە و لێکۆڵینەوە تەنها دەتوانین دەستمان بە بەشێکی بچووکی رابگات، واتە مەشخەڵی کەم نووری تۆژینەوەی قووڵایی و تونێکانی زەمانی درێژی پێش مێژوومان (کە کۆڵەکەی هەموو مێژووە) بۆ روون نابێتەوە. زانستی ئێمە لەسەر زەمانی ناو مێژوو، واتە ئەو زەمانەی کە سەنەد و بەڵگە (proof) مان لەبارەیەوە لەبەردەستە؛ نیوەچڵ و بەهەڵکەوتە و تەنها لە قۆناغێکی کورتی زەمەنییەوە کە لە سەدەی شازدەهەمەوە دەستپێدەکات، لەم رووەوە بەپیت و زەنگینە، و لەسەر داهاتووش کە فەزا و رووبەرێکی ناکۆتای ئەگەرەکانە، شتێک نازانین. مێژووی پێنج هەزار ساڵە کە ئێمە دەتوانین بیناسین، لە نێوان "پێش مێژوو" (کە لەڕووی درێژییەوە سەد قاتی ئەمەیە) و "داهاتوو"ی ناکۆتادا هەڵکەوتووە و بەشێکی بچووکە لە مێژووی بوونی دەستپێڕانەگەیشتووی ئینسان، ئەم مێژووە لە هەردوو سەر و لایەنەوە هێشتا هەر کراوەیە، نە دەتوانین لەسەر و لایەنێکەوە بیبەستین و نە دەشتوانین وەکوو وێنەیەکی تەواو و کامڵ دەستی پێ بگەیەنین (٤).

ئێمە لەڕێگەی زەمانی "هەنووکە"مان لەنێو مێژوودایین، ئەم هەنووکەیە ئەگەر لە ئاسۆ و دووتوێی بچووک و تەنگەبەری ژیانی رۆژانەدا ون ببێت و تەنها وەکوو زەمانی "ئێستاکە" دەرکەوێت ئەوا دەبێت بە هیچ (٥).

ئەگەر مێژووی ئەوروپا بەو هەموو نووسین و دەق و سەنەد و هەڵکۆڵراوەوە وەها لە ژێر گومان و پرسیاری گەورەدا بێت، ئەوا بۆ مێژووی نەتەوەیەکی بچووک و ژێردەستی وەکوو کورد هاوکێشەکە چۆنی لێدێت؟ مێژوویەک کە خۆمانیش تەنها و بەپێی هەندێ پێوەری بچووک توانیومانە چەند لاپەڕەیەکی بنووسینەوە، مێژوویەک کە ئەوەندەی لە دیرۆک و چیرۆک و حەکایەتی گوێ ئاگردان دەچێت، ئەوەندە لە گێڕانەوەی شیکارانە و چیرۆکانە و تەنانەت وتەبێژانەش ناچێت تا بگات بەوەی کە بەراوردی بکەین لەگەڵ مێژووی وڵاتان و نەتەوەکانی تر! هەنووکەش پرسی بوون یان نەبوونی مێژوونووسی کوردی بە تایبەتمەندی و پێوەرە مێژوونووسییەکانەوە (نووسینی مێژوو بە زمانی خودی نەتەوە، مێژوونووسی سەر بە نەتەوە، تایبەتمەندی شیکاریانە و چەمکیانە و زانستی و...) پرسێکی تازە و بەپێی ئەوەش گەرمە (٦).

### تاریخ

تاریخ هاوتای وشەی یۆنانی (historia) بە واتای زانست، گوزارشت، گێڕانەوە و مێژووی رووداوەکان بوو. ئەم وشە یۆنانییە لە ڕێگەی زمانی لاتینەوە هاتە نێو هەموو زمانە ئەوروپییەکانەوە. هاوتای تاریخ لە زمانی فەرەنسی (histoire) و لە زمانی ئیتالی (storia) و لە ئینگلیزی (history) و لە ئاڵمانیدا (historie)یە. لەبارەی ریشە و رەچەڵەکی عەرەبی یان غەیری عەرەبی وشەی تاریخ رایەکی هاوکۆک و یەکدەنگ نییە، وا دەردەکەوێت "تاریخ" وشەی بەعەرەبیکراو یان موعەڕەبی وشەی (yera-kh) بێت کە وشەیەکی عیبرییە و لەوێوە هاتووەتە ناو زمانی عەرەبی، لەزمانی کوردیدا وشەی "مێژە" یان "لەمێژە" و مێژوو هاوتای تاریخ دادەنرێت کە لە وشەدانە کوردییە سۆرانی و کورمانجییەکاندا هاوکات بە واتای دوور و لەمێژینە و چیرۆک(راز) و حیکایەت بەکارهاتووە. هەڵبەت وشەی "مێژوو" پێشینەیەکی وەهای نییە، چوون لە وەرگێڕانی شەرەفنامەی بیدلیسی بۆ کوردی (زمانی سەرەکی شەرەفنامە فارسییە کە ئەمەش دواتر مێژوونووسیی کوردی و خشتەبەندی ئەم سەرچاوە مێژووییە لەناو مێژوونووسیی کوردی دەخاتە ژێر پرسیار و گومانی گەورەوە) لەلایەن مەلا مەحموودی بایەزیدی

◄ عادل قادری



(1797-1867 ز) وشەی مێژوو بەکارنەهاتووە و هەر تاریخ بەکاربراوە (٧).
ڕەنگە وشەی "دیرۆک" کە لە "دێرۆک" و "دێریک"ەوە هاتووە لە مێژوو کۆنتر بێت، دیرۆک لە هەنبانە بۆرینەدا بە دوو واتا هاتووە: 1- چیرۆک و رووداوی خەیاڵی،-2 رووداوی مێژوویی.

### واتا و پێناسەی "تاریخ"

لەڕووی ماناناسی زاراوەوە، تا هەنووکەش پێناسەیەکی گشتی و هاوکۆک بۆ تاریخ نییە، بەڵام بە گشتی تاریخ بە زانستێک دەزانرێت کە باسی مرۆڤ دەکات لەناو شوێن- کاتدا. ئەم پێناسەیە لە مێژوو بەردەوام دوو لایەنی تێدا ئامادە بووە، یەکێک تاریخ وەکوو رووداو و ئەویتریان تاریخ وەکوو گێڕانەوە و گوزارشتی رووداو. بۆیە وشەی تاریخ هەم بۆ زنجیرەیەکی پێکەوە گرێدراوی رووداوەکان لە رابردووە دوورەکان تا ئێستاکە بەکاردەچێت و هەم بۆ ئەندێشە و شیکاری و راڤەی ئەم تاریخنووسانەی کە رووداوەکانیان بۆ داهاتووەکان تۆمار کردووە، هەندێک لە توێژەران بۆ پیشاندانی ئەم دووپاڵی و دوولایەنییە لە زاراوەی تاریخی 1 و تاریخی 2 کەڵکیان وەرگرتووە (٨).

وادێتە پێش چاو کە تاریخ هاوکات هەڵگری دوو رووبەری بووناسانە (Ontologi cal) و مەعریفەتناسانە (epistemological)یە. رووبەری یەکەم سەربەخۆیە و لە زەینی مرۆڤ و لە جیهانی واقیعدا روودەدات، ئەم رووبەرە بە تاریخ (history) ناوبردە دەکرێت، بەڵام رووبەری دووەم بە زانستی تاریخ (Science of history) ناوبردە کراوە، راستییەکەی ئەوەیە کە تاریخنووس ناتوانێت لە دۆخی شوێن- کاتیانەی خۆی بڕواتە دەرەوە و لەسەرووی دونیا و زەمانەوە چاو ببڕێتە ناو چاوی واقیع. ئەو زیندانیکراو و گەمارۆدراو لەناو زەمان و شوێن و جیهانی دەوروپشتیی و کاتێک واقیعی تاریخی دێتە ناو زەینییەوە و لە پاڵاوگە و تونێلی تێڕامان و بیرکردنەوە و مەعریفەی ئەو تێدەپەڕێت، زانستی تاریخ شکڵ دەگرێت. زانستی تاریخ واقیعی کۆمەڵگایە پاش ئامادەیی لە زەینی تاریخنووس و هەڵسەنگاندن و راڤە و شرۆڤەی (٩).

فەلسەفەی مێژوو (Philosophy of history): فام و تێگەیشتنە لە هۆکارێتی(عیلەت) و دۆزینەوەی هۆکار یان بۆکاری رووداوەکان و پێناسەیانە لە بەستێنی بیردۆزی و یاسا مێژووییەکانی فەلسەفە، بەشێوەیەکی تایبەتیتر فەلسەفەی مێژوو لەخۆگری قووڵبوونەوەی فەلسەفی لەبارەی سەربووردەی رووداوە مێژووییەکان و چییەتی و میتۆدەکانی راڤە و شرۆڤە و لێکدانەوەیانە (١٠).

مێژوووێناندن (historiography): مێژوووێناندن، زیندووکردنەوەی رابردوو و وێناندنەوەی زمانیی تێگەی دیرۆکییانەی هەر دیرۆکنووسێکە لە پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگا و جیهانێک کە تێیدا دەژی. بە دەربڕینێکی تر، مێژوووێناندن پرۆسێس و فەراگەردی مامەڵە و ئاڵووێری مێژووە وەکوو شتێکی سەربەخۆ و دەرەزەینیانەی مێژوونووس لەگەڵ ئەندێشە و زەین و مەعریفەی مێژوویی ئەو. واتە کاتێک مێژووی رابردوو وەکوو واقیعێکی سەربەخۆ لە زەینی مرۆڤ لەڕێگەی مرۆڤگەلێک بە تێگەیشتن و زەینێکی شوێن- کاتییانەی تایبەت نووسراوە و لەگەڵ مرۆڤانی پاش خۆی (داهاتوو) دەکەوێتە قسە و دووانـدن، ئەوە کردەی "مێژوووێناندن" هاتووەتە ئاراوە. لە مێژوووێناندن لەلایەن و رەهەندگەلی بووناسانە، مرۆڤناسانە و چییەتی (ماهیەت)ی مێژوو لە روانگەی مێژوونووسەوە قسە دەکرێت. لەڕاستیدا مێژوووێناندن هەوڵ و کۆششێکە بۆ فام و تێگەیشتن لە ئەندێشە مێژووییەکانی مێژوونووس کە لە نووسراوە مێژووییەکانیدا، بە شێوازی روون و بەرهەست یان لێڵ و نابەرهەست هاتوون. لە لایەکی تریشەوە مێژوووێناندن هەڵگری پێوەرگەلی عەقڵانی و پاساوی ئاوەزمەندانەیە و لەسەودای خستنەڕووی شوناس، باوەڕ و کردارەکانی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێکخراوەکان، نەتەوەکان و چۆنێتی ئاکار و رەفتاریان لە رابردوو و هەروەها رەوتی بزووتن و جووڵە یان دارمان و نوشستی و هەرەسیان لە پرۆسێس و ئامێزی زەماندایە. بەشێوەی کورت و کۆتا مێژوووێناندن سەرەڕای تۆماری رووداوەکان، لەخۆگری شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن، کەشفی هۆکرد(علت) و گشتاندنی ئەنجامەکان، بەراورد و ئانالۆگی دۆخەکان و فامی دەور و کردە و پێگەی تاکەکان و گرووپەکان لە پرۆسێسی مادی و غەیری مادیی مێژوو بە پشتبەستن بە بیردۆزە باوەکانی زانستە مرۆییەکان و زانستە سرووشتییەکان و فەلسەفەیە. فەلسەفەی مێژوووێناندن بەپلەی یەکەم باسکردنی لۆژیکی، عەقڵانی و مەعریفەناسانەی نووسراوەی مێژوونووسان و کۆششە بۆ کەشف و دۆزینەوەی مانا و چەمک (مفهوم) و رەوتی گشتیی رووداوەکان و هەروەها ماهیەت و چیەتییان. هەرچەند مێژوووێناندن تا رادەیەک هەڵگری توخمگەلێک لە مێژوو، زانستی مێژوو و فەلسەفەی مێژووە لە چوارچێوەیەکی دەستنیشانکراوی شوێن- کاتییانەدا، بەڵام دەبێت بزانین کە مێژوووێناندنی هەر سەردەمێک زانستێکی سەربەخۆیە و وەکوو مەعریفەیەکی مێژوویی لەچەشنی زانستەکانی کەلام، فەلسەفە، فیقهی شەرع و ئەندێشەی دینیی ئەو سەردەمە. ئەگەرچی مێژوووێناندنی هەنووکە لە زانکۆکانی ئەوروپادا پێگەیەکی دیار و پێناسەکراوی هەیە و وەکوو زانستێک مێژوویەکی دیاری هەیە و رووبەرێکی پان و بەرین لە چالاکی و کارکردن لە هیرۆدۆتەوە تا رۆژگاری ئێستە و لە باڵگەلی زانستی جیاجیا وەکوو (مێژوووێناندنی مێژوویی، مێژووی مێژوووێناندن و...) بۆ خۆی قایلە (١١)، بەڵام بەم حاڵەشەوە شتێک لە ڕێزەگەرێتی و درزێک لە دەستپێڕانەگەیشتوویی بە کات و شوێن و تێگە و فام لە شوێن- کات لەو رووبەرە بەرینەدا هەیە کە ئێمە فرێدەداتە ناو روانگەی مێژوونووسە نوێیەکانی ئەمریکا و بیردۆزی پێکهاتەشکێنی و پاش پێکهاتەخوازی و باسەکانی دۆلۆز و فۆکۆ و بودریار و جیهانی ناکۆتای وێناندن و دالی بەتاڵ و وێناندنی ئاوێنەیی و ناکۆتا و گەیشتن بە هەرێمی ئیمکان و ئەگەرە زۆرەکانی ناو مێژوو بەپێچەوانە و لەدژی ئەو رەوتەی مێژووە کە دیسکۆرس و هەژموونی دەسەڵاتەکان نووسیویانە.



پاشپێکهاتەخوازی و مێژووخوازیی نوێ، بەرلەوەی هەوڵێک بن بۆ تێگەیشتن و دەعیەی فامکردنی حەقیقەت و واقیعی رووداوەکان و مێژوو، هەوڵێکن بۆ گەڕان و خولانەوە و عەودالبوون لەناو پیت و وانوێنراوەکان و دژبەرایەتی فەلسەفی لەگەڵ تێگەیشتنی تەواو و راستەقینە بۆ رووداو و مێژوو.

1- لە روانینی پاش پێکهاتەخوازەکانەوە دوو واتا بۆ وشەی مێژوو هەیە: یەکەم، رووداوەکانی رابردوو. دووەم، دەربڕین و گێڕانەوەی چیرۆکییانە لەبارەی رووداوەکانی رابردوو. پاش پێکهاتەخوازی ئەم خاڵە روون دەکاتەوە کە مێژوو بەردەوام دەگێڕدرێتەوە، بۆیە مانای یەکەمی مێژوو پەسەندکراو نییە، رابردوو هیچکات ناتوانێت بەشێوەی تەواو لەبەردەستی ئێمەدا بێت، ئەو شتەی دەیخاتە بەردەستی ئێمە وانوێنراو و نوێنراوەکانیتی.

2- لە روانینی ئەمانەوە سەردەمە مێژووییەکان بوونگەلێکی یەکانگیر نین. هیچ مێژوویەکی یەکە جگە لە مێژووە پچڕاو و دژوازەکان بوونی نییە، هیچ گۆشەنیگایەکی ئیلیزابێتی(١٢) و چوارچێوەدار بوونی نەبووە، بیرۆکەی هەبوونی کولتوورێکی یەکانگیر و هاوئاهەنگ و هاوتەریب، ئوستوورە و خورافەیەکە لەڕێگەی چینی دەسەڵاتدارەوە بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەسەر مێژوودا سەپێنراوە و پروپاگەندەی بۆ کراوە.

3- لەمە بەدواوە مێژوونووسان ناتوانن بانگەشەی ئەوە بکەن کە لێکدانەوەیان بۆ رابردوو بەشێوەیەکی بێلایەنانە و بەرهەستە، ئێمە ناتوانین بەسەر دۆخی مێژوویی و هەلومەرجی شوێن- کاتیانەی خۆماندا باز بدەین، رابردوو شتێک نییە کە وەکوو ئامرازێکی مادی و بەردەست و بەرهەست لەبەردەم ئێمەدا ئامادە بێت، بەڵکوو شتێکە لە رێگەی تەفسیر و خوێندنەوەی چەشنەکانی دەقە نووسراوەکانی پێشوو بۆ هاوتەریبکردن لەگەڵ تێبینی و تێگە مێژووییە تایبەتەکانی خۆمان، بەدی دەهێنین.

4- پێوەندیی ئەدەب و مێژوو دەشێت بکەوێتە بەردەم خوێندنەوە و پێداچوونەوە. هیچ "مێژوو"یەکی جێگیر و نەگۆڕ بوونی نییە کە وەکوو ناوەندێک چاوی لێبکەین یان وێنای بکەین و ئەدەب بکەین بە پاشکۆی. هەموو مێژوو خۆی پاشکۆیە. مێژوو بەردەوام گێڕانەوەی چیرۆکییانەی رابردوو بووە، ئەویش بەکەڵکوەرگرتن لەو دەقانەی کە لە دێربەدێری گێڕانەوەکانماندا دەیهێنین (١٣).

ئەگەرچی پاش پێکهاتەخوازەکان و مێژووخوازە نوێیەکان بەشێکی زۆر و چەقی کارەکانیان لەسەر دەسەڵات و ئیدارە و ئەرشیف (١٤) و رێکخراوەکانی بوو، بەڵام رەهەند و لایەنێکی دیکەیان لە تێگەیشتن و فام بۆ مێژوو لە رۆچنەی ئەدەبەوە زەق کردەوە و ئەو سنوورە رەق و تەقە رواڵەتییە زانستییەی کە لە نێوان مێژوو و ئەدەب و باقی فۆرم و فیگۆرەکانی "پیتدارێژی" و "وتەتەوەری" بوو رووخاندیان و هاوکێشەیەکی نوێیان بۆ فامی پێوەندیی نێوان دەسەڵات و مێژوو و ئەدەب و باقی فیگۆر و فۆرمەکانی وتە و دارشتن هێنایە ئاراوە.

مێژوو بەم روانینە گێڕانەوەیەکی رێژەیی و فرەڕەهەند و شیاوە لە دونیای پیت و زمان و وشە کە تانوپۆی هەموو ئەم فیگۆر و زمانداڕێژییانە بە "هیوا" تەنراوە... هیوا بۆ کەشف و گێڕانەوەی نوێ... وتە و پیتەکان تەنها بۆ ئەوەی لاڵیمان لەهەمبەر وجوود لەبیر ببەنەوە داهاتنە یادەوەری و ناوشیاریمانەوە... پیت هیوایە بە واتا و واتا هیوایە لە هەناوی پیت و ئەم گوێ زەوییە پیتاوییە هەر دەسووڕێ و دەسووڕێ لە بۆشایی سەدان کاکێشان و ... هیوایەکی وەهمییە و وەکوو کافکا دەڵێت: تەنها لەبەر ڕێزی بێهیوایان بووە کە هیوا داهاتووە (١٥).

### پەراوێز و سەرچاوەکان:

1- شوێنگەی لەدایکبوونی فەلسەفەی مێژوو یۆنانە؛ لێکۆڵینەوەکانی هیرۆدۆت و توسیدید لەبارەی ئەو هێزانەی کە مێژوو دەجووڵێنن و دەیخەنە بزاوتن لەسەر ئەم بابەتە و هەروەها تۆژینەوەکانی پلۆتارک و لەوە بەدواوەش بەتایبەتی لە نووسینەکانی ئاگۆستینی قەدیس و لە کتێبی شاری خودا دا دەیبینین، تا دەگاتە لای هیگڵ. یاسپرس، کارل، یَغاز و انجام تاریخ، ترجمە محمد حسن لگفی، چاپ دوم، تهران 1363

2- یاسپرس،کارل، یَغاز و انجام تاریخ، ترجمە محمد حسن لگفی، چاپ دوم، تهران 1363

3- ئەم گێڕانەوەیە لە زنجیرە درامای بانسرووشت (super natural) کە تا ئێستە یازدە سیزنی هاتۆتە بازاڕ بینیومە، کۆمەڵێک نووسەر و دەرهێنەری هەیە و باسی ژیانی دوو برا دەکات کە دایکیان بە منداڵی لە رێگەی شەیتانێکی چاوزەردەوە بە ناوی عەزازیل دەکوژرێت و ئەوانیش دەبن بە بکوژی بوونەوەرە بانسرووشتییەکان هەر لە خوێنمژ(-vampire) و گورگینەکانەوە بگرە تا دەگاتە خودا جێماوە کۆنە یۆنانییەکان و شەیتان و فریشتەکان و دواتر تا سەرهەڵدان و رابوونی لوسیفێر.

4- هەمان سەرچاوەی 2

5- سەرچاوەی پێشوو

6- بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی پرسی مێژوونووسی کوردی و بوون و نەبوونیەوە دەتوانن چاو لە گۆڤاری زرێبار، ژمارە81 و82 و مەلەفی تایبەت بە مێژوونووسیی کوردستان، بە تایبەتی وتارەکانی "مقدمەای بە تاریخ نگاری کوردی" نووسینی اسماعیل شمس یان وتاری "مێژوونووسی و پرسی سیاسەت" د.ئازاد حاجی ئاقایی بکەن.

7- گۆڤاری زرێبار، ژمارەی 81 و 82، "مقدمەای بە تاریخ نگاری کوردی" نووسینی د.اسماعیل شمس

8- سەرچاوەی پێشوو

9- هەمان سەرچاوە

10&11- هەمان سەرچاوە وتاری،"مقدمەای بە تاریخ نگاری کوردی" نووسینی د. اسماعیل شمس

12- وێنەی ئیلیزابێتی جیهان یان تصویر الیزابتی جهان(The Elizabethan picture) یەکەمجار لە لایەن و، تیلیاردەوە و بۆ گێڕانەوەیەکی مێژوویی تایبەت لە کەلتووری سەردەمی شیکسپییەر بەکار برا، مەبەست سیستەمێک لە تەکووزی و کۆسمۆس و رێک و پێکی و یەکانگیرییە. رامان سلدن، پیت ویدسون، راهنمای نقریە ادبی معاصر، ترجمە عباس مخبر، نقریەهای پساساختارگرا، تاریخ گرایی جدید.

13- رامان سلدن، پیت ویدسون، راهنمای نقریە ادبی معاصر، ترجمە عباس مخبر، نقریەهای پساساختارگرا، تاریخ گرایی جدید.ص 206و207

14- ئەرشیف بریتییە لە جۆرە نەزم و یاسا و رێسایەک کە بەستێنێکی زەمانی درێژ و لە رێگەی میکانیزمەکانی کۆمەڵگا و دەسەڵات بەسەر تاکی ناو کۆمەڵگایەکدا دەسەپێت و فۆرمی چەشنێک لە ناوشیاریی فێرکراو یان ناوشیاری وەرگیراو وەردەگرێت، بۆ زانیاری زیاتر چاو لە کتێبی (سرگشتگی نشانەها، بودریار، لیوتار، دلوز، فوکو و بارت... نمونەهایی از نقد پسامدرن، گزینش و ویرایش مانی حقیقی) بکەن.

15- احمدی، بابک، خاطرات ظلمت، دربارەی سە اندیشگر مکتب فرانکفورت، تهران، نشر مرکز 1376 ص61

# هـذا طريق العاشقين

بەرزان هەستیار





بەرەوژوور عەرەبانەی میهرەبانییم داژووم و
وەک تۆپەڵە بەفرێکی مەلوول.....
گلۆر دەبمەوە نێو چەمێک ،

***

توووند توووند سەرم دەپێچم ،
هێواش.. هێواش ستران دەچڕم و
کزۆڵە.. کزۆڵە دەگریم
جگە لە خۆم کەسی تر هەراسان ناکەم،....
هذا طريق العاشقين

***

بە ئەسپایی ، بەر لەوەی خۆر بۆینباخەکەی ڕێککاتەوە
لە خەو ڕادەبم و دەچمە شەڕی تارماییەکان،...

هذا طريق العاشقين

***

بە خۆم دەڵێم شوێنپێی بێدەنگی هەڵگرە
لەم هەراو زەنایەدا ...
دەتباتە سەر باخی شەتڵەڕەیحانەی ساوا ،
هذا طريق العاشقين

***

کەڵکی ئەوەی نەماوە ،ئێواران ،.....
بە شەقامێکدا خل بیتەوە و
لەبەر خۆتەوە باس لە ورتە ورتی فرمێسک و
وشکەساڵیی ئاسوودەیی بکەیت
بێرەدا تێپەڕە،...

لێرەوە، لە تەنیشت منەوە ، با کەس نەتبینێت
هذا طريق العاشقين

***

لەوێم،....
لەو گۆشەیەدا ، ....
نسرم بە نیگەرانی و
شێدار بە دڵەخورپێ،...
هذا طريق العاشقين

***

لە بەیانییەکی زیتەڵدا...
قاوەیەکی خەواڵوو بە جلی شەوەوە ،.....
قاوەیەک ،گەرم وەک ئیحساسی دایک،

ڕووخۆش ، وەک کرانەوەی شکۆفە،
لە دیارنەبوونیا ،....
هێدی..هێدی ، بێتاقەت.. بێتاقەت،.....
لەسەر مێزەکە بەدەم لەرزەوە ئەکەوێتە گیانەڵا
هذا طريق العاشقين

***

نیوەڕۆ یەکی خاووخلیچک ،
بەر لەوەی وەنەوزێکی قورس ، بە توونـدی بمکێشێ بە ئەرزا
چاو ئەگێرم، چاوگێرانێک ،....
وەک ئەوەی سەد ساڵ بێت نەمدیبێت
چاو زەق ئەکەمەوە، وەک ئەوەی تا ئەو کات کوێر بووبم
هذا طريق العاشقين

***

دڵم تەواو کرمێ بووە ،...
لە مانەوەی وشک و برنگ ،....
لە سەفەری تەڕوبرِیش،
هذا طريق العاشقين

***

دەست لە کوورەی ئاگر وەردەنێم ،....
لە دوی پارچە سەهۆڵی ئاسوودەیی،
پێ لەسەر نووکی بزمار گیر دەکەم ،...
تا دەستم بگاتە زاری پەموو ،....
هذا طريق العاشقين

***

هەموو مورووە جوانەکانی خەیاڵ،....
لەبەر چرای تاریکیدا ئەکەمە درەوشاوەترین گەردانە،
هذا طريق العاشقين

حوزەیرانی 2018
ئەڵمانیا/ کۆلن

******

**ناونیشانی ئەم شیعرە لە شیعرە بەناوبانگەکەی "وەفایی" یەوە وەرگیراوە کە بەم جۆرە دەستپێدەکات:**

**ئەی دڵ وەرە هۆشیار ببە هذا طريق العاشقين**
**مەحوی جەماڵی یار ببە هذا طريق العاشقين**



# هـەنار؛ کیـژە زەیـتوونییەکە:

بۆتان لەتیف عەبدولقادر



خودایە..
حەزم لە دیدارە..
حەزم لە دیداری جەدەلی باوکمە..
جەدەلێ پڕە لە حیکمەت
تەژی لە پەیبردن بە شاراوەکانی بوون
!..
خودایە..
حەزم لە دیدارە..
حەزم لە دیداری دەستە بێگەردەکانی دایکمە..
دەستە بێگەردەکانی

ئای لەو چیرۆکانەی، کە بەرخەوی بۆ دەکردم !..
دیدار..
هەنار..
کیژە زەیتوونییەکە !..

*** ** ***

دەستارِ..
خشتێ خۆشی
خشتێ هارِین

دوو خشتی کۆچ !..
دەڕۆم بۆ پاش تێپەڕین..
دەگەمە ئەو جێیەی پێویستە.
هەتا ڕاستەقینەیەک زیندووکەمەوە !..
کیژە زەیتوونییەکە؛
وەرە بابە بانگت دەکات..
وەرە..
سالآنێکە دەنگی دوعا
لەهزرمدا هەر دێت و دەزرنگێتەوە !..
خودایە نایشارمەوە
هەنارەکە با شیرین بێت !..